# پەرتەوازەیی زانکۆی سەلاحەدین مەرامێکی سیاسیە؟ .. هێمن عومەر



زانکۆ وەك و کۆبوونەوەی گەنج و هۆشیاری گەنج تیدا بەرێژەیەکی بەرز تر لە گەنجی نەخوێندەوار هەمیشە شوێنی ترسو گومان بووە لە لایەن دەسەلاتەوە. دەسەلات لە ترسی بەگروپ بوون و خۆپیشاندانی خوێندکاری زانکۆ هەمیشە هەولی ئەوەی داوە کە زانکۆ لەیەکتری دوورخاتەوەو پەرتەوازەی بکات هەربۆیەش کاتێك لە هەشتاکان زانکۆی سەلاحەدین لە هەلێر کرایەوە رژێمی بەعسی نەیهێشت بەهەمان شێوەی زانکۆی سلێمانی تێکەلیەك هەبێت لەنێوان زانکۆکان بەشێوەیەکی گشتی کە هەموو زانکۆکان لە نێو یەك بینایەدا کۆبکاتەوە ئەو مەبەستەشی لە پێناوی ئەوە بوو کە خوێدکاروو مامۆستای زانکۆ لە هەموو لایەکەوە پەیوەندیان بەیەکەوە نەبێت و یارمەتی دەر نەبن بۆ هێزی پێشمەرگە لە کوردستاندا، کەبێگومان ئەوەش سیاسەتی دەسەلاتێکە کە بەبۆنی دیموکراتی تێك دەچێت و هەموو کات لە هەولی کۆنترۆل کردنی هەر جموو جۆلێکە کەبەرامبەر بە دەسەلاتەکەی بکرێت.
ئەمرۆکەش زانکۆی سەلاحەدین سەرەرای ئەو هەموو گەندەلی و دواکەوتەیی یەی کەپێوەی دەنالێنێت هەر لە دۆگما بوونی میتۆدوو تا شپرزەیی بەشەناوخۆکان و، ستۆکبوونی زانکۆ لە هەموو لایەنێکی مادی و مەعنەویەوە لە عەقل بەستوویی مامۆستا بەتەمەنەکانی زانکۆ بەرامبەر بە گۆران و ریفۆرم تا وێران بوونی بینایەو پیس بوونی ژینگەی تەواوی زانکۆ بە تەوالێتەکانی، ئەوانە هەمووی وازیان لێهێنراوە ئەوەی ئەمرۆکە خەمی گەورەی دەسەلاتە ئەوە دوورخستنەوەی پەیوەندی زانکۆکانە بەیەکتری و جیاکردنەوەی بەشەکانی ناو زانکۆشە بەناوی دروست کردنی زانکۆی دیکەوە.
ئێستاکەش دوای ئەو کەرت کردن و لەت لەت کردنەی کە لەنێوان زانکۆکاندا کرا لە لایەن سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدینەوە، وا سەرۆکایەتی زانکۆی ناوبراو خەریکی کەرتکردنی خودی خۆیەتی بۆ چەند سەرۆکایەتیەك بەناوی سەرۆکایەتی زانکۆی هەولێر کە کۆلێژەکانی پزیشکی دەگرێتەوە کە ئەمەیان یەکەم هەنگاوو بوو ئێستاکەش دەیەوێت سەرۆکایەتی دیکەش دروست بکات.
ئەوانە هەمووی بەرنامەی بەعسەو ئەمرۆکە لەکوردستاندا هەنگاوی جدی بۆ دەهاوێشترێت کە ئەمەش هەر بەوشێوەیە لێك دەدرێتەوە کە بۆ کۆنترۆل کردنی جموو جۆلی قوتابی زانکۆ بێت لە خۆپیشاندان و مانگرتن ئەگەرنا کاری زۆر زۆرتان لە پێشە سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین کە زۆر زەرورترو پێویست ترن.